# «Telnet» چییە؟

عەلی محەمەد - سویسرا
زانستپەروەرانی کورد
Ali.M@zkurd.org

ناوەڕۆکی ئەم وتارە
سەرەتایەک سەبارەت بە «Telnet».
«Telnet» کێشەی گەورەی پاراستنی هەیە.
پۆرت تاقیکردنەوە بە «Telnet»
پرۆتۆکۆل و پۆرتی «Telnet»
بەشی ڕاژەخواز
بەشی ڕاژەکار
سەرچاوە

## سەرەتایەک سەبارەت بە «Telnet»:

«Telnet» یەکێکە لە پرۆتۆکۆڵەکانی ڕایەڵە، ئامانجی بەکارهێنانی «Telnet» توانای فرماندانە بە ئامێرێکی تر، جا ڕەنگ بێ ئەو ئامێرە کۆمپیوتەر، سویچ یان هەر ئامێرێکی دی بێت.

بۆ ئەوەی بتوانرێت لەسەر کۆمپیوتەرێکی دی لە ڕێگەی ڕایەڵەوە چەند فرمانێک جێبەجێ بکرێت، پرۆتۆکۆڵێکی وەک «Telnet» پێویستە. دەکرێت لە یەک کاتدا لەسەر چەند «route»، کۆمپیوتەر یان سویچێک بە پرۆتۆکۆڵی «Telnet» چەند پەیوەندییەک هەبێت.

«Telnet» هەرچەندە خۆشی پرۆتۆکۆڵە و لە هەمان کاتیشدا پرۆگرامێکە، پرۆتۆکۆڵی «TCP» بەکار دەهێنێت.

## «Telnet» کێشەی گەورەی پاراستنی هەیە:

وەک لای هەمووان وردە وردە ئاشکرا دەبێت، پێش بەکارهێنانی هەر جۆرە ڕاژەیەک، پرۆگرامێک یان هەر شێوەیەکی گواستنەوە، گرنگە بایەخ بە لایەنی خۆپاراستن یان ئاسایش بدرێت.

دراوەیەک یان تەنانەت دەقێک کە بگوازرێتەوە لە کۆمپیوتەرێکەوە بۆ کۆمپیوتەرێکی تر هەندێک جار پێویست ئەکات بە چەند «route»ێکدا بڕوات.

هەر کەس لەو نێوانەدا مافی ئەوەی هەبێ لەسەر ئەو ڕایەڵەیە پاکەتەکانی تۆڕ سەرنج بدات، دەتوانێ بە ئاسانی ئەو دەقە بخوێنێتەوە کە لە یەکێک لەو کۆمپیوتەرانەوە بۆ ئەوی تر نێردراوە.

بۆیە مایەی ئەوەیە کە خەمی بە نهێنیکردنی ئەو جۆرە ڕاگواستنە بخورێت، بە تایبەتی ئەوانەی کە ناو و وشەی تێپەڕبوونیان پێویستە.

بە کوردی، (گەر بویسترێت) کەسێک دەتوانێت ناو و وشەی تێپەڕبوونی کەسێکی تر لە تۆڕدا ببینێت، کە «Telnet» لەگەڵ ڕاژەکارێک دەکات.

ئەم کێشە سەرەکییە وای لە بەڕێوەبەرانی ڕاژەکارەکان کردووە کە زۆرتر ڕاژە(service)ی یان پرۆتۆکۆڵی وەک «ssh» بەکار بێنن.

## پۆرت تاقیکردنەوە بە «Telnet»:

یەکێک لە بەکارهێنانە گرنگەکانی «Telnet» تائەمرۆش، تاقیکردنەوەی پۆرتە.

هەموو ڕاژەکارێک بۆ ئەوەی ڕاژەیەک پێشکەش بکات، پێویستە ئەو ڕاژەیە لەسەر پۆرتێک دابنێت (گەر بیەوێت ڕاژەکارە(server)کە بۆ ڕایەڵەش بێت).

هەندێک جار زۆر لەو ڕاژانە کێشە و مشتومڕیان تێ دەکەوێت، بەڕێوبەر لای ئاسان نابێت بە گورجی بزانێ چی هۆی کارنەکردنی ڕاژەکەیە.
بۆ نموونە کاتێک خەریکی دانانی ڕاژەکارێکی وەک «web server» دەبێت، ئەو کات گەر ڕاژەکاری وێب کاری خۆی بە تەواوی نەکات، پێویستە ئەمانەی خوارەوە تاقی بکرێنەوە:-

- ئایا بەرنامە سەرەکییەکە داگیرساوە بۆ نموونە «websphere» یان «apache»؟
- ئایا لەسەر «IP»ی دەرەکی دانراوە؟
- ئایا لەسەر پۆرتی ویستراو (ئەو پۆرتەی کە بەڕێوبەر مەبەستێتی) ڕاژەکە کەوتۆتە کار؟
-

هەڵبەتە لێرەدا گرنگیی خاڵی سێیەم مەبەست بوو، واتە بە هۆی «Telnet»ەوە دەتوانین بە دڵنیاییەوە وەڵامی خاڵی سێیەم بدەینەوە.

بۆ نموونە کاتێک «Telnet» لەگەڵ پۆرتی ٨٠ی «zkurd.org» دەکرێت، وەڵامەکەی ئاوا دەبێت:

```
ali@oracle٢٣:~> telnet zkurd.org ٨٠
Trying ٢١٧,١٦٠,٢٠٥,٥٦...
Connected to zkurd.org.
Escape character is <^]>.
```

## پرۆتۆکۆل و پۆرتی «Telnet»:

«Telnet» وەک ڕاژەکارێک لە بنەڕەتەوە لەسەر پۆرتی ٢٣ ڕاژەی خۆی دەخاتە بەردەست و پرۆتۆکۆلی «TCP» بە کاردێنێت. لە ڕاستیدا «Telnet» وەک ڕاژەکار مەرج نییە لەسەر پۆرتی ٢٣ کاربکات، بەڕێوەبەر دەتوانێت پۆرتێک بەپێی پێویستیی خۆی دابنێت، بەڵام «Telnet» وەک ڕاژەخواز گەر هیچ راگەیێنێکی نەدەیتێ، ئەو ا بۆ خۆی وەک بنەڕەت پۆرتی ٢٣ هەڵدەبژێرێت، بەڵام دەتوانرێت بۆ نموونە بەم شێوەیە پۆرتی ویستراوی پێ بدرێت.

```
telnet shadow-lands.com ٤٠٠٠
```

لێرەدا پۆرتی ٤٠٠٠ بۆیە دراوە پێی، بۆ ئەوەی ڕاژەخوازەکە نەچێت ٢٣ بەکار بەرێت و جێی گرنگییە لێرەدا بزانرێت کە ڕاژەکارەکە لەسەر پۆرتی ٤٠٠٠ «Telnet»ی داگیرساندووە.

بەشی ڕاژەخواز
چۆنێتیی پەیوەندیکردن بە ڕاژەکارێکەوە.
بە گشتی ئەگەر ویندۆز بێت یان یونیکس بەم جۆرە پەیوەندی بە ڕاژەکارێکەوە دەکرێت لە ڕێی «Telnet»ەوە:

```
telnet server-name port
```

دیارە دەتوانرێت چەند ڕاگەیێنی تریشی لەگەڵدا بنووسرێت، بۆ زانیاریی زۆرتر، لە ویندۆزەوە ئەم فرمانە یارمەتیمان دەخاتە بەر دەست:

```
telnet /?
```

لە یونیکسیشەوە ئەم فرمانە:

```
man telnet
```

بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە چۆنێتیی هێنان و بردنی داواکان لە نێوان ڕاژەخواز و ڕاژەکارەوە ئەم فرمانە سوودمەندە، بۆ ویندۆز و یونیکس هەمان فرمانن ئەو یش تەنها بە نووسینی «Telnet»، پاشان پەنجەنان بە کلیلی «enter» ، وا لە خوارەوە ئەنجامی ئەو فرمانە و وەڵامدانەوەی لە لایەن یونیکس و ویندۆزیشەوە بە جیاجیا دەخرێتە پێش چاو.

ویندۆز:




telnet
Welcome to Microsoft Telnet Client
Escape Character is <CTRL++>

Microsoft Telnet>?

Commands may be abbreviated.
Supported commands are:
c - close close current connection
d - display display operating parameters
o - open hostname [port] connect to hostname (default port ٢٣).
q - quit exit telnet
set - set set options (type <set ?> for a list)
sen - send send strings to server
st - status print status information
u - unset unset options (type <unset ?> for a list)
?/h - help print help information
Microsoft Telnet>

بۆ یونیکس:

telnet

telnet>?
Commands may be abbreviated.
Commands are:

close close current connection
logout forcibly logout remote user and close the connection
display display operating parameters
mode try to enter line or character mode (<mode ?> for more)
open connect to a site
quit exit telnet
send transmit special characters (<send ?> for more)
set set operating parameters (<set ?> for more)
unset unset operating parameters (<unset ?> for more)
status print status information
toggle toggle operating parameters (<toggle ?> for more)
slc change state of special charaters (<slc ?> for more)
z suspend telnet
! invoke a subshell
environ change environment variables (<environ ?> for more)
? print help information

## بەشی ڕاژەکار:

بە دڵنیاییەوە زۆر لە بەڕێوبەرانی سیستەم زۆر پرۆگرام یان ڕاژەی تریان لە «Telnet» لا باشترە، ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شێوەی ناردنی ناو و وشەی تێپەڕبوون لە ڕاژەخوازەوە بۆ ڕاژەکار بەشێوەی دەقێکی

ئاشکرایە و بۆیە ئەو جۆرە پەیوەندییانە ئەمڕۆ بە یەکێک لە پەیوەندییە لاوازەکانی ڕایەڵە دادەنرێن.

لە یونیکسدا بە گشتی «Telnet» لەگەڵ inetd یان xinetd دا، دا دەگیرسێت بۆیە لەم ڕوونکردنەوە بچووکەدا هەردووکیان بە کورتی پیشان ئەدرێن.

لە inetd دا:

```
telnet stream tcp   nowait root   /usr/sbin/tcpd in.telnetd
```

پاشان inetd پێویستە سەر لە نوێ دابگیرسێتەوە.

لە xinetd دا:

```
service telnet
{
    socket_type     = stream
    protocol        = tcp
    wait            = no
    user            = root
    server          = /usr/sbin/in.telnetd
    disable         = no
    log_on_failure += RECORD
    log_type        = SYSLOG auth warn
}
```

پاشان xinetd پێویستە سەر لە نوێ دابگیرسێتەوە.

لە ویندۆزدا:

start>run>services.msc

پاشان ok و لە پەنجەرەکەدا دەبێ «Telnet» بدۆزرێتەوە و بخرێتە کار، وەک لەم وێنەیەی خوارەوەدا پیشان دراوە.




یان لە ڕێگای ئەم فرمانەوە کە لە پەنجەرەیەکی «dos»دا




دەنووسرێت:

net start «Telnet»

هەڵبەتە گەر ئەو ڕاژەیە لەکار خرابێت «disable»، ئەوا دەبێت پەنا بۆ ڕێگەی پێشتر ببرێت بۆیە ڕێگەی یەکەم پێشەنگیی زۆرترە لەمەیان، هەر وەک لەمەی خوارەوەدا پیشان دراوە:

```
C:\>net start «Telnet»
System error ١٠٥٨ has occurred.

The service cannot be started, either
because it is disabled or because it
has no enabled devices associated
with it.
C:\>
```

سەرچاوە:

*http://www.ietf.org/rfc/rfc٨٥٤.txt*
*http://www.ietf.org/rfc/rfc٨٥٥.txt*